دەریدەکات

تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية

# مجلة گۆڤاری T.V

4
ئاب
2021



نیشتیمانێکی تر
لای شێرکۆ بێکەس

الفنان هابة
ترك بصمات واضحة
في المقامات
والقوريات

د. شیلان فەتحی:
هێرۆخان وەك دایکێکی میهرەبان
مامەڵەی لەگەڵ کارمەندەکانی
ڕاگەیاندن دەکرد

خنده كركوكي و احمد نجيب
يحصدان الجائزة في المهرجان الوزاري

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# باجی هەر بەرمیلێك نەوتی هەناردەکراو لەڕێگەی تورکیاوە



**فەرهاد حەمزە محەمەد**

لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیەوە کاربەدەستانی حکومەتی عێراق هەولدەدەن جگە لە هێڵی سوریا ڕێڕەوێکی تر بۆ فرۆشتنی نەوتی کەرکوك بدۆزنەوە بەلام هۆکارە سیاسیەکان ڕێگر بوون لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ، تا ئەو کاتەی بەعسیەکان دەسەلاتیان گرتە دەست و ڕێگایان لە بەردەم تەخت بوو، سەرەتا لە سالی ١٩٧٢ نەوتی کەرکوکیان لە دەست ئینگلیزەکان دەرهێناو خۆمالییان کرد، پاشان لە ١٩٧٤/١٢/٢٦ ڕێکەوتننامەی دامەزراندنی هێڵی عێراق– تورکیا لەنێوان هەردوو حکومەتدا ئیمزاکرا، لە٧ی نیسانی ١٩٧٥ دەستکرا بە کارکردن لەو هێلە لەلایەن کۆمپانیای (مانسمان)ی ئەلمانییەوە، پرۆژەکەش بریتی بوو لەراکێشانی لوولەیەکی ٤٠ ئینجی بەتوانای ٧٥٠هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا ، ئەمە جگە لەدانانی چەند وویستگەیەکی پالنان (محطات ضخ) لەهەردوو بەری عێراق وتورکیادا ، لەگەڵ دانانی وێستگەیەکی ژماردن (محطة القياسات **Metering station** ) لە نزیك زاخۆ ، درێژی هێلەکە ٩٨٥.٣ کم لەوێستگەی **IT1** کە دەکەوێتە دووری ٢٦کم لە ڕۆژئاوای کەرکوکەوە دەستپێ دەکات، ماوەی ٣٤٥کم- ی پرۆژەکە دەکەوێتە ناوخاکی عێراقەوە واتە لەکەرکوکەوە تازاخۆ ، ٦٤٠.٣کیلۆمەتریشی دەکەوێتە خاکی تورکیاوە، هێلەکە بەتەریبی لەگەڵ هێلی عێراقی سوری دەڕوات لە رووباری دجلە و زێی خابوور دەپەڕێتەوە دەچێتە خاکی تورکیاوە .

لەکانونی دووەمی ١٩٧٧ کە (محی الدین معروف) جێگری سەرۆك کۆماری ئەوسای عێراق پرۆژەی بۆری نەوتی عێراق تورکیای کردەوە، لەکاتی کردنەوەکە دا ئاهەنگێکی گەورە سازکرا کە سلێمان دیمیرل سەرۆك وەزیرانی ئەوسای تورکیاو ژمارەیەك وەزیری تری لەگەلدا بوو ، لەسەرەتای ئاهەنگە کە (تایە عبدالکریم) وەزیری نەوتی عێراقی وتی : ئەمڕۆ لەگەڵ میوانە ئازیزەکانمان لەدراوسێی دۆستمانەوە تورکیا کۆئەبینەوە .

لەم بارەیەوە رۆژنامەی (وطن) کە لەتورکیا دەردەچێ ستایشی پرۆژەکەی کردو نووسیبوی عێراق پاش خەباتێکی دژوار دژی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان نەوتی خۆی خۆمالی کردووەو ئەو ئاواتەی بەدی هێناوە کەگەلی عەرەب لەماوەی ٥٠ سال خەبات دژی مۆنۆپۆلە بیگانەکاندا خەونی پێوە دەبینی .

لەسالی ١٩٨٦ هێلەکە فراوانییەکی تری بەخۆوە دی ولوولەیەکی تری ٤٦ ئینجی بۆ راکێشرا، کە توانای هەناردنی هەردوو لوولەکە گەیشتە ١.٦٠٠.٠٠ بەرمیل لەرۆژێکدا .

لەبەری عێراقی هێلەکە سێ وێستگەی پالنان(محطة الضخ) هەیە لەبەری تورکیاش سێ وێستگەی پالنانی سەرەکی هەیە **ps3** (جەزیرە) ، **ps4** (ماردین)، **ps5** (غازی عەنتاب ) دواجار دەگاتە بەندەری (جەیهان )ی تورکی لەناوچەی (ئەدەنە).

سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو سەردەمی زێرینی ئەم هێلەبوو لە توانایدا بوو ١٦٠٠٠٠٠ بەرمیل لە رۆژێکدا هەنارده بکات، بەلام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا هەناردەکردن لە ١٠٠ هەزار بەرمیل رۆژانە تێناپەڕێت .

بێگومان عێراق بەرامبەر هەر بەرمیلێك نەوتی هەناردەکراو بڕێك پارە باجی بە تورکیا دەدا، لە سەرەتادا ڕێککەوتن بە (٤٢) سەنت بەرامبەر هەر بەرمیلێك ئەگەر بڕی هەناردەکردن لە سەرووی (١،٥) ملیۆن بەرمیل بێت ، (٧٥) سەنت ئەگەر بڕی هەناردەکردن لە خوار (٧٥٠) هەزار بەرمیلەوە بێت . لەدوای سالی ٢٠٠٢ ئەم ڕێکەوتنە دەستکاری کراو بەم چەشنەی لێهات :-

(٧٠) سەنت ئەگەر بڕی هەناردەکراو لە ٤٠٠ هەزار بەرمیل زیاتر بێت ، (١١٢) سەنت ئەگەر بڕەکە لە ٢٠٠ هەزار کەمتر بێت .



ئاهەنگی کردنەوەی هێڵی عێراق - تورکیا سالی ١٩٧٧